# بزوتنەوەی ریفراندۆم، فریوتان دەدات، ئاگاداربن!

چەند رۆژێکە دەنگو باسەکان ڕادەگەیەنن، کە وەفدێکی بزوتنەوەی ریفراندۆم لە ئەمەریکایەو بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبینێت، بۆ ئەوەی کە ئیمزاکانی خەڵکی کوردستان کە بەپێی هەواڵەکان ملیۆنێکو حەوت سەد هەزار ئیمزایە بداتە دەست بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتوەکانو گوایا نوێنەرانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ریفراندۆمو پرسی خەڵکی کوردستان کۆیان کردۆتەوە. رۆشنە کە خەڵکی کوردستان ئیمزای خۆی داوە بە بەر پاکردنی ریفراندۆمێك لە کوردستان، بەڵام سەرانی ئەم بزوتنەوەیە، هەر لەسەرەتاوە دیاربو ئەم ئیمزایانەیان بۆ مەرامی هەردوو حیزبی یەکێتــی و پارتی یەو بەپێیو نەخشەی ئەوان دەجولێنەوە، ئمیزاکانیان بۆ فشارە بۆ سەر ئەمەریکاو جروجانەوەرەکانی حکومەتی کاتی عێراق بۆ ئەوەی فیدرالیزمەکەیان قبول بکەن. ئیمە هەر لەسەرەتاوە ئەم هوشیاریەمان دا بەخەلکی کوردستانو بەتاییەت کە ئەم بزوتنەوەیە لە بەرانبەر هەرەشەکانی عەجیل یاوەردا کە لە 5ی ئۆکتۆبەردا دژبە خواستی خەڵکی کوردستان شەکری شکاند، بیدەنگ ڕاوەستا لەوکاتەوە ئیتر بۆ هەموو ئەوانەی کە ئیمزای خۆشیان دابوە دەست ئەم بزوتنەوەیە، رۆشن بو، کە مەرامی ئەم بزوتنەوەیە چیە. ئەوان ئیمزاکانیان تەسلیم کردوە بە بەرپرسانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەلام بۆچی؟ ئەوان تا ئێستا قسەیان نەکردوە، وە تا ئێستا هەڵوێستی ئەم بزوتنەوەیە لەسەر هەڵبژاردنی عێراق دیارنیەو فزەیان نەکردوە، سەرەڕای ئەوانەش، لە چاوپێکەوتنێکی بەرنامەی " عالم الان"ی رادیۆی ساواد لەگەل سکرتیری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە رۆژی 12/24، لەوەلامی پرسیاریکدا لە پەیوەند بە سەفەری نوینەرانی ئەم بزوتنەوەیە بۆ ئەمەریکا وەلام دەداتەوەو دەلێت " ریفراندۆم مانای بانگەواز نیە بۆ جیابونەوە، بەڵکو بۆ دیاریکردنی شێوەیەك لەشێوەکانی فیدرالیەتەو ئێمە نامانەوێت هەرگیز لەعێراق جیاببینەوە" بەمەدا ڕۆشن دەبێتەوە، کە بزوتنەوەی ریفراندۆم ئیمزاکانی بۆ چیەو خەریکی چ کارێکی ناشایستەیە بە دەنگو ئیمزاکانی خەڵکی کوردستان. یان ئەوەتا ئیمە شاهیدی ئەوە دەبین کە نوینەرانی ئەم بزوتنەوەیە کە لەئەمەریکان قسەکانی سکرتیری گشتی یەکێــی نیشتمانی رەت دەکەنەوە. چونکە ریفراندۆم یەك پرسی هەیەو ئەویش پرسی جیابونەوەی کوردستان یان مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا، بەڵام فیدرالیەتی کوردستان هەر چیەکی لیبکەیت، تەنها فیدرالیزمی قەومیەو هیچی تر، بۆیە ریفراندۆم بۆ شێوەکانی فیدرالیەت هیچ مانایەکی نیە.

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com
25/12/2004